کۆلیژی پەروەردە/ زانکۆی سەلاحەددین

بەشی / پەروەردەی تایبەت

قۆناغی / دووەم - کۆرسی دووەم

بەشی ( 2 )

**بابەت:**

# ڕێنمایی بۆ کەسانی خاوەن پێداویستی تایبەت

**ئامادەکردنی بابەت:**

**م. کارۆخ جوهر جلال**

سالی خوێندن ٢٠٢١ – ٢٠٢٢





**ئامانجی ڕێنمایکردني کەسانی خاوەن پێداویستی تایبەت و خێزانەکانیان لەم خاڵانە کورت دەبێتەوە:**

- پێدانی پشتگیری کۆمەڵایەتی و سۆزداری بۆ ئەوان و خێزانەکانیان.

- پەروەردە و فێرکردنی تاک و خێزانەکەی لە ڕێگەی بەرنامەی ڕاهێنانی تاک و گرووپ.

- یارمەتی دانیان بۆ چارەسەرکردنی کێشە ڕەفتار و سۆزداریەکانیان.

- یارمەتیدانیان بۆ گونجاندنی کۆمەڵایەتی.

- کۆمەک کردنیان لە پەرەپێدانی تواناکانیان تا ئەو ڕادەیەی کە دەکرێت و پەرە بە تواناکانی ژیانیان بدات کە یارمەتیان بدات تا بە و ڕادەیەی کە دەتوانن سەربەخۆ بن.

- هاوکاریکردنی ئەندامانی خێزان و خاوەن پێداویستیە تایبەتەکان بۆ باشتر تێگەیشتن لە کێشەکانیان.

- ڕۆشنبیرکردنی خاوەن پێداویستی تایبەت و خێزانەکانیان سەبارەت بەو ئیمتیازات و یاسایانەی بۆیان دراوە، وەک یاسای چاودێری کەمئەندامی.

- ئاشناکردنیان بە دامەزراوە پەروەردەی و تەندروستیە کۆمەڵایەتیەکان کە خزمەت بە ئەندامانی ئەو توێژە دەکەن.

- ئاشناکردنیان بەو پیشانەی کە لە ژینگەی ناوخۆدا بوونیان هەیە لەگەڵ ئەو شوێنانەی کاری ڕاهێنانیان پێ دەکات تاوەکو ببنە خاوەن ئابوورەیەکی سەربەخۆ، جا بۆ ئەوەی ڕێنمایکاری سەرکەوتوو ئەم ئامانجانە بەدی بهێنێت ، دەبێت تایبەتمەندیی کەسیی و شارەزایی تایبەتی هەبێت.

**-خەسلەت و تایبەتمەندیەکانی ڕێنمایکاری کارامە:**

تایبەتمەندییە کەسییەکانی رینمایکاری کارامە: کەسایەتی ڕێنمایکار پێکهێنەرێکی هەستیارە لە دیاریکردنی کاریگەری پرۆسەی ڕێنماییکردن، چەند تایبەتمەندێتییەک هەیە کە پەیوەستن بە کاریگەری ڕێنمایکارەوە لەوانە: سەقامگیری و راگیراوی، هاوگونجان، دڵسۆزی، ئاڕاستەکردن بەرەو ئامانجی دیاریکراو و تایبەتمەندیەکانی تر کە جەخت لەسەر گرنگی تایبەتمەندییە کەسییەکانی ڕێنمایکارەکە دەکاتەوە، کە کارامەیی و زانیارییەکانیان گرنگ و کاریگەرن لە پرۆسەی ڕێنمایی کردندا.

**لە گرنگترین خەسلەتە توانا ژیریەکانی ڕێنمایکاری کارامە ئەمانەن:**

| | |
|---|---|
| توانای عەقلی | ڕێنمایکار دەبێت مەعریفەیەکی زانستی هەبێت لەسەر گرنگترین تیورەکانی ڕێنمایکاری، وەک چۆن دەبێت چێژ وەربگرێت لە خواست و تواناکانی بۆ فێربوون، وە پیویستە بەخێرایی و کارامەیی ڕێکاری دروست جێبەجێ بکات. |
| چالاکبوون | پرۆسەی ڕێنمایی چالاکی و وزەی ڕێنمایکار دەبات و ماندووی دەکات لە رووی سۆزداری و جەستەییەوە، بۆیە پێویستە ڕێنمایکار لە کاتی دانیشتنەکانیدا چالاک بێت و تا کاتی گونجاو ئەم چالاکبوونە بهێڵێتەوە |
| نەرمی نواندن | نابێت ڕێنمایکاری کارامە خۆی پەیوەست بکات بە کۆمەڵێک وەڵامی دیاریکراو و سنوردارەوە، بەلکو ئەو کارەی دەیکات دەگونجێنێت بۆ ئەوەی پێویستیەکانی ڕێنماییکراوەکەی جێبەجێ بکات. |
| پالپشتی و هاندان | هانی ڕێنماییکراوەکەی دەدات بۆ ئەوەی بڕیاری سەربەخۆی خۆیان بدات، یارمەتی دەدات بە پڕچەکبوونی بە هیوا و هێزیان لە ژیانیاندا، لەگەڵ ئەوەشدا ڕێنمایکاری کارامە خۆ بەدوور دەگرێت کە وەک فریادڕەس بۆ ئەوان کار بکات. |
| بوونی سۆز و خۆشەویستی بۆ کەسانی بەرامبەر | ڕێنمایکار دەبێت ئارەزووی کارکردنی هەبێت بۆ بەرژەوەندی ڕێنماییکراوەکانی بەشێوازی کەسانی تر و هانی سەربەخۆییان دەدات. |
| هۆشیاری خودناسی | ئەم تایبەتمەندییە لە مەعریفەی ڕێنمایکارەوە دێت بۆ ئەو ئاراستانەی هەلیگرتووە لەگەڵ هەست و سۆزەکانی و توانای ناسینەوەی ئەو هۆکارانەی کە کاریگەری لەسەری هەیە. |
| هۆشیاربوون بە شارەزایی رۆشنبیریەکان | واتە توانای ڕێنمایکار بۆ هەستکردن بە ئاسوودەیی لە مامەڵەکردن لەگەڵ تاکەکانی دیکە و کلتورە جیاوازەکانی گەلان، هەریەك شێرتز و ستۆن (١٩٨٠) بە پەرەپێدانی کۆمەڵێک تایبەتمەندی و لێهاتووی کە پێویستە لە ڕێنمایکاری کارامەدا بوونی هەبێت. |

**قۆناغەکانی پرۆسەی ڕێنماییکردن:**

**پرۆسەی ڕێنماییکردن چەند قۆناغێك لەخۆی دەگرێت بریتین لە:**

١- **دیاریکردنی ئامانج**: بریتییە لە سەلماندنی ئەوەی کە هەڵسوکەوتێک هەیە پێویستە هەموار بکرێتەوە و دواتر بڕیارێکی گونجاو بدات، لەم قۆناغەدا هەڵسەنگاندنێکی سەرەتایی دەکرێت کە چاوپێکەوتن و بەکارهێنانی لیستی خەملاندن و چاودێری لەخۆ دەگرێت، ئەم قۆناغەش یارمەتی پسپۆڕ دەدات بۆ ئەوەی ئەنجامێکی سەرەتایی دەست بکەوێت.

٢- **پێناسەکردنی کێشەکە:** ئەمەش کاردەکات بۆ ئاراستەکردنی پرۆگرامەکانی ڕێنوێنیَ و ئەو پێوەرانە دیاری دەکات کە کاریگەری پرۆگرامەکان بەو شێوەیە دەردەخات.

٣- **تێگەیشتن لە پێویستی دایک و باوک و پێویستی منداڵەکەیان کە خاوەن پێداویستی تایبەتە:** ڕێنمایکار سوورە لەسەر تێگەیشتن لە کێشەکەیان لە ڕوانگەی ئەو دایک و باوکانەی کە بە پێویستی خۆیان و پێویستی منداڵەکەیان دەزانن.

٥- **دیاریکردنی پلانی کار:** ئەمە پەیوەستە بەتوانا بەردەست و پێویستەکان بۆ جێبەجێکردن و کارامەیی و ئەزموونی ئەو کەسانەی کە جێبەجێی دەکەن.

٦- **کۆتایی پێهێنانی پەیوەندی ڕێناییدەر:** دوای جێبەجێکردنی پلانەکە، ئەنجامەکان هەڵدەسەنگێنرێت و پەیوەندی درێژکراوەکە کۆتایی پێدێت.

**ئەو شتانەی کە ڕێنمایکار پێویستە خۆی لێی بەدوور بگرێت لە پرۆسەی ڕێنماییرکردندا:**

گرنگترین ئەو شتانەی کە پێویستە ڕێنمایکار لە کاتی پرۆسەی ڕێنمایکردندا خۆی لێ بەدوور بگرێت ئەمانەن:

١- **گشتاندن:** لەسەر ڕێنمایکار پێویستە مامەڵە لەگەڵ هەموو کەیسەکان بەجیاجیا بکات.

٢- **گواستنەوە و ئالوگۆر:** تایبەتمەندی تاک یان خێزان لە ژیانی تایبەتی خۆیدا نەگونجێت لەگەڵ تایبەتمەندییەکی دیاریکراو لە دۆخێکدا یان ئەو خێزانەی کە ڕێنماییان دەکات وە ناگونجێت و هەستەکانی تاك دەگۆڕیت دەکریت بگوازێتەوە بەرامبەر بە تاک یان خێزان یان دەوروبەر.

٣- **پەککستنی بەها کەسیەکان لە بارودۆکەکاندا:** ئەمە کاتێک ڕوودەدات کە ڕێنمایکار وەڵامی قەیرانەکە بداتەوە وەک ئەوەی قەیرانی خۆی بێت و بەهاکانی خۆی بخاتە سەر هەڵسەنگاندنی بارودۆخەکە، ئەمەش جیاوازە لەو بەشدارییە سۆزدارییەی کە ڕێنمایکار دەبێت بەدەستی بهێنێت.

٤. **پێشبینی کردن:** ئەمەش کاتێک ڕوودەدات کە ڕێبەر پێشبینی ئەوە دەکات کە بارودۆخەکە هەموو ئەندامانی خیزانەکە ئاگادارین.

٥- **یارمەتی زیادە:** بارودۆخەکە کە یارمەتی زیاتری بوێت بەواتا پیویستە ڕێبەر بزانێ قەبارەی ئەو یارمەتیدانە چەندە بۆ حالەتەکە یان بارودۆخەکە، کە ئامانج لێی بەهێزکردنی ڕێنمایکراوەکەیە، بە لەبەرچاوگرتنی جیاوازی تاکەکەسی لە ئاستی تاک و خێزاندا، سەبارەت بە پێویستی زیاتر ڕێبەر کارامە دەتوانێت ئاستی یارمەتی داواکراوەکان دەستنیشان بکات.

٦- **بەخشینی خۆشی بە دڵەکان:** پێویستە ڕێنمایکار خۆی لە هەوڵدان بۆ کەمکردنەوەی ئازاری بارودۆخەکە یان خێزان بە دووربگرێت، بۆ نموونە بڵێت شتەکان بەو شێوەیە خراپ نین کە پێشبنی دەکەن، ئەمە لەوانەیە ببێتە هۆی تێگەیشتنی زیاتر بۆ بارودۆخەکە.

## لێهاتویی  و کارامەیی پرۆسەی ڕێنمایی کردن

**کارامەیی چیە:**

**بریتیە لە :لە جێ بەجێ کردنی هەرشتێك لە لای تاك بە ئاسانی و بە وردی دواتر ئەم کارە یان ئەو شتە جەستەیی بێت یان ژیری بێت.**

**کارامەیی بریتیە : لە و توانایەیی کە لە جێ بەجێ کردنی هەرکارێکدا یان کارێکی دیاریکراودا بەکاردەهێندریت کە کارەکە پێك دێت لە کۆمەلێك کرداری بچوك یان رەفتار بە شیوەیەکی زنجیرەیی یەك لەدوای یەکی گونجاو کە تەواو کەری یەکترن.**

**پێکهاتە سەرەکیەکانی کارامەیی ڕێنمایی کردن:**

**١-زمانی جەستە:**

**زمانی جەستە زمانێکی نەبیستراوە  لە ریگای ئاماژەی دەستی و گوزارشتەکانی دەم و چاو و جۆری دانیشتن  وەستان بەدیار دەکەوێت وە زۆر گرنگە بۆ دۆزینەوەی نهێنیە شاراوەکانی رێنمایی خواز.**

**٢-گوێ گرتن لە رینمایی خواز:**

**گوێ گرتن بە یەکێك لە لێهاتوە سەرەکیەکانی کرداری رینمایی کردن دادەندرێت ، کە رینمایی کار بەکاری دەهێنێت بۆ تێگیشتن لە رێنمایی خواز .**

**أ-گوێگرتنی زارەکی: واتا گوێگرتن لە رینمایی خواز بۆی دەربخات کە گویی لێیەتی لە ریگای بە کارهێنانی هەندێ زاراوە  وەکو( بەڵی ،وایە،ها......هتد)یاخود هەندێ گوزارشت کردن وەکو(باشە ،زۆرباشە،هەربژیت.....هتد)**

**ب-گوێگرتنی نازارەکی :وەکو نیشان دانی زەردەخەنەیەکی بەسۆز یان سەرهەژاندن بە رازی بوون یان رازی نەبوون یان لە ریگای چاو و هەندی جار اشارتی دەستی.**

**ج-گوێگرتن بە قوڵی:ئەمەش روو دەدات لە رێگای گوێگرتنی  رێنمایی کار بە قوڵی و بە تەواوەتی بۆ ئەو هەموو ووشەو رستەو جولانەی کە لە رێنمایی خواز دەردەچن وە پیویستە وردو دەقیق بیت وە بەچاو لەگەلی بیت**

**٣-پێچەوانەکردنەوەی هەستەکان:**

**واتە لێرەدا رێنمایی کار وا لە رێنمایی خواز بکات کە لەناو هەمان هەستی ئەودا دەژیت و هەست بە ئازارەکانی دەکات.**

**٤-شێوازی سەیرکردن و گوێگرتن و هەست کردن:**

**واتا پێویستە ڕێنمایی کار به بەردەوامی وبه گرنگیەوە سەیری ڕێنمایی خواز بکات .وگوێی لێ بگریت و هەستی پێ بکات بۆ ئەوەی به باشترین شێواز یارمەتی بدات و کێشەکەی بۆ چارە سەر بکات.**

**٥-ئاراستە کردنی پرسیار:**

**ئاراستە کردنی پرسیار به یەکێ لە کارامەیە گرنگەکانی کرداری ڕێنمایی کردن دادەنرێت .چونکە به هۆی پرسیار کردن دەتوانین بگەینە قوڵایی کێشەکەو زانیاری زیاترمان دەست دەکەویت پێویستە ڕێنمای کار کاتی گونجاو هەلبژێرێت بۆ پرسیار کردن وە نابێیت به هۆی پرسیارەکانی ڕێنمای خواز بپچرێنێ لە قسە کردن .وە پێویستە پرسیارکان لە گەل ئاستی ڕۆشنبیری رینمایی خواز بگونجێت وە به زمانێکی سادە و ساکار بێت .**

**أ-پرسیاری کراوە: لێرەدا ڕێگا به ڕێنمایی خواز دەدەرێت به سەربەستی گوزارشت لە هەستەو بیرو بۆجونەکانی بکات و ولام بداتەوە به بێ ئەوەی ڕێنمایی کار تدخل بکات .**

**بۆ نمونە :هەستت چیە بەرامبەر باوکت** یاخود **هەست بە چی دەکەیت**

**ب-پرسیاری داخراو :ئەم جۆرە پرسیارە بەوە جیادکرێتەوە کە وڵامێکی کورت و دەست نیشان کراوی هەیە یان به (بەڵی یان به نەخێر) ولام دەدریتەوە**

**بۆنمونە *ئایا باوکت خۆش دەویت یاخود هەست به تورەیی دەکەیت**

**٦-پێشکەش کردنی هەلبژاردەکان (تقديم الخيارات) :**

**مەبەست ئەوەیە لەم خالە دا کە کاتێك ڕێنمایی خوازێك دە چێتە لای ڕێنمایی کاریك بێ ئومید بوە بارودۆخی زۆر خراپە وە هیج چارەسەر و هەلبژاردنیك نابینیت لێرەدا رینمایی خواز هەست به دوودلی و دلەراوکێ و گۆشیگیری دەکات لێرەدا رینمایی کار بۆی روون دەکاتەوە بابەتەکە وای لێ بکات بگاتە چارەسەرو هەلبژاردنی بژاردەی تر بۆ چارە سەرکردنی کیشەکانی.**

**٧- زاڵبوون بەسەر بیروباوەرە هەڵەکان و سەیرکردنی نزم بۆ خودی خۆی :**

**هەموو کەسێك یاسایەکی هەیە بۆ بیرەباوەرەکانی خۆی . و مافی ئەوەی هەیە ئەو شتانە دەست نیشان بکات کە بڕوای پێیان هەیە ئەو شتانەش کە بروای پێیان نییە ، وە ڕۆڵی ڕێنمایی کار بریتی نییە لە گۆڕینی ئەو بیروباوەرانەی کە ڕێنمایی خواز هەیەتی ، بەلکو لەسەریەتی هۆشداری بداتە ڕێنمایی خواز دەربارەی ئەو بیروباوەرانەی کە هەڵیان دەبژێرێت ، هەندێ جار ڕێنمایی خواز هەندێ جۆرە بیروباوەرانەی هەیە کە تێکشکێنەرن بۆی .**

**-ئەم بیرو و باوەڕە هەڵانەش بریتین لە:**

- ١- پێویستە هیچ کاتێك هەلە نەکەم بە هیچ شێوەیەك .
- ٢-خەڵکی تریش پێویستە هیچ کاتێك هەڵە نەکەن .
- ٣- پێویستە خەلك بە ئارەزووی من هەلسوکەوت بکەن .
- ٤- پێویستە منیش بە ئارەزووی ئەوان هەلسوکەت بکەم .
- ٥- پێویستە ژیان هاوسەنگ و دادپەروەر بێت .
- ٦- پێویستیم بە ڕازی بونی کەسانی تر هەیە بۆ ئەوەی حالم باش بێت .
- ٧- پێویستە بە بەردەوامی کەسانی تر دلخۆش بکەم .
- ٨- پێویستە هیچ کاتێك توڕە نەبم .
- ٩- پێویستە هەموو کات دلخۆش نەبم .
- ١٠- پێویستە هیچ کات پەنا بۆ گریان نەبەم .

**-بیروباوەری ڕاست و دروست و ژیریەکانیش ئەمانەن :**

- ١-تاکە ڕێگا بۆ ئەوەی هیچ هەڵەیەك نەکەین ئەوەیە هیچ شتێك نەکەین ، من چالاك و ئیش کارم هەموو کەسێکی چالاکیش هەڵە دەکات .
- ٢-هیچ کەسێك کامل و تەواو و بێ کەموکوڕی نییە ، و دەتوانم کەسانی تر کە هەڵە دەکەن قبولیان بکەم ، چونکە کەس نییە هەڵە نەکات .
- ٣-خەڵك پێویستیان بەوە نییە کە هەڵسوکەوت بکەن بە دڵی من .
- ٤-پێویستسم بەوە نییە بەو شێوەیە بم کە خەڵکی تر دەیەوێت تاکو دڵم خۆش بێت .
- ٥-ژیان هاوسەنگ و دادپەروەر نییە .
- ٦-شتێکی جوان و خۆشە ئەگەر ڕازیبونی کەسانی تر بە دەست بهێنم ، بەلام مەرج نییە خۆشحالی و خۆشبەختیم بوەستێتە سەر ڕازیبوونی کەسانی تر .
- ٧-بیرکردنەوەیەکی راست نییە کەوا بیربکەمەوە لە هەموو کاتێکدا دەتوانم خەڵکی تر دڵخۆش بکەم .
- ٨-کێشەیەك نییە ئەگەر لە هەندێ جاردا یاخود لە هەندێ کاتدا پەست و توڕە ببم .
- ٩- زۆر ئاساییە ئەگەر بگریم ، و هیچ کێشەیەکی تیا نییە .
- ١٠-کات و ساتی دڵخۆشی هەیە ، وە کات و ساتیش هەیە بۆ دڵ توندی و خەفەت .



special Education

**شپرزەیی کۆمەڵایەتی و تیکچونی بارودۆخی دەروونی تاك:**

**جۆرێکە لە پشێوی کاتێك ڕوودەدات کە تاك هەست بە ترس و گرژییەکی لە ڕادەبەدەر دەکات ، لەو جۆرەیە کە کەسەکە وا هەست دەکات کە هەموو کەس چاو دێرن بەسەرییەوە، کە ترس و شەرم لە ڕەفتاری کەسەکە دەردەکەوێت وەك ( زمانگرتن ، لەرزین ،ئارەقکردنەوە لێو وشکبوون ....)**

**شپرزەیی کۆمەڵایەتی :**

**لە حاڵەتی ناڕێکی و دڵەڕاوکێی کۆمەڵایەتی دا ، ترس و دڵەڕاوکێیەکە دەبێتە هۆی شێوانی ژیان و بوونی ڕەفتاری توند کە دەتوانێ کاریگەری لە سەر چالاکی ئاسایی ڕۆژانە ،کار .قوتابخانە ، حاڵەتی شپرزەیی کۆمەڵایەتی ( حاڵەتی درێژ خایەنی تەندروستی دەروونیە) ،بەڵام دەکرێ چارەسەربکرێ لە ڕێگەی دەرمان و ڕاهێنانی دەروونی.**

**نیشانەکانی شپرزەیی کۆمەلایەتی بریتین لە :**

یەکەم/ **هەست و سۆز :**

**١-ترسان لە و بارودۆخەی کە لەوانەیە تیایدا سەرزەنشت بکریت یان ڕووبەروی سوکایەتی کردن بیتەوە.**

**٢-زۆر ترسان لە کارلێك یان قسە کردن لەگەڵ بێگانەکان**

**٣-ترسان لەوەی کە کەسی تر ڕەخنەت لیٚ بگریٚ .**

**٤-ترسان لە دەرکەوتنی نیشانەی جەستەیی (سوربونەوە ، ئارەقکردن ...)**

**دووەم- فیزیکی (جەستەیی ) :**

**-لێدانی خێرای دڵ**

**-لەرزین و گرژیی ماسولکەیی**

**-ئارەقکردنەوە**

**-تیکچونی گەدە و پرۆسەی هەرسکردن**

**-تەنگەنەفسی - و سەرسوڕان**



special Education

**هۆکارەکانی توشبوون بە بارودۆخی شپرزەیی کۆمەلایەتی:**

١- دڵەڕاوکێی بۆماوەیی : دڵەڕاوکێی و نارێکی زیاتر لەناوئەندامانی هەمان خێزان هەیە لەگەڵ ئەمەشدا بەتەواوی ڕوون نییە کە ئایا چەندی ئەمە بۆ جینەکان دەگەڕێتەوە و چەندی بۆ هەڵسوکەوتی دەگەڕێتەوە .

٢-پێکهاتەی مێشك : پێکهاتەیەکی مێشك بەناوی ئەمیلۆیدۆسی مێشك کە دەتوانێ ڕۆڵ ببیتێت لەشڵەژانی و کۆنترۆڵکردنی ترسدا، ئەو کەسانەی کە ئەمیلۆیدۆسیان زۆر چالاکە وەڵامێکی بەرزیان بۆ ترس شڵەژانی کۆمەڵایەتی هەیە .

٣- ژینگە : لەوانەیە شپرزەیی کۆمەڵایەتی لە هەندێ کەس بەدی بێت کە بارودۆخێکی کۆمەڵایەتی بێزارکەر یان شەرمەزارکەری توش ببێ ، بوونی ژینگەی ماڵەوە (دایك و باوك ) کە گرنگی بە منداڵەکانیان نادەن یان زیادە پارێزی و نازی زیادە دەدەن بە منداڵکانیان .

**فاکتەرە مەترسی دارەکانی توشبوون بە شپرزی کۆمەلایەتی :**

١-مێژوویی ئەندامانی خێزان : ئەو جۆرە لەناو خێزاندا هەیە کە کاریگەری لەسەر کەسەکە دروست دەکات

٢-ئەزموونی نەرێنی : ناکۆکی خێزان و ڕووداو وهەراسانکردنی منداڵ و سوکایەتی پێ کردنی و گاڵتەپێکردنی .

٣- تیکچوون و جۆری میزاج

٤-داواکاری نوێی کۆمەڵایەتی

**دەستنیشانکردنی :**

١-دەبێت پزیشك دەستنیشانی بکات کە ئایا حاڵەتی تر هەیە کە دەبێتە هۆی شپرزەیی وەك (پشکنینی جەستەیی بۆ هەڵسەنگاندنی ئەوەی کە ئایا هیچ مەرجێکی پزیشکی یان دەرمان کە ببێتە هۆی حاڵەتەکە )

٢-باسی نیشانە و حاڵەتەکان بکە کە ڕوودەدات (لە کاتی بوونی دڵەڕاوکێیەکە )

٣-پێداچونەوە بە لیستی حاڵەتەکان بکە ،بزانە دڵەڕاوکێت بۆ دروست دەکات یان نا

٤-پرسیارکردنی خۆڕاپۆرتی لەسەر نیشانەکانی شپرزەیی کۆمەڵایەتی .

٥-پێوەرەکان لە نامیلکەی دیاریکردن وئاماری نەخۆشیەی دەروننیەکان (DSM_5) لە لایەن کۆمەڵەی دەروونی ئەریکی بڵاکراوەتەوە .



special Education

**چارەسەرەکان باروودۆخی شپرزەیی کۆمەلایەتی:**

**چارەسەر پەیوەستە بە چۆنیەتی تێکچوونی دڵەڕاوکێی کۆمەڵایەتی و کاریگەری لەسەر ژیانی ڕۆژانە دوو جۆرە چارەسەری باو هەیە (ڕاوێژکاری دەروونی یان چارەسەری ئاخاوتن ) و بەکارهێنانی دەرمان .**

**یەکەم/چارەسەری دەروونی : نیشانەکانی زۆربەی ئەو کەسانەی کە شپرزەیی کۆمەڵایەتیان هەیە کەم دەکاتەوە لەم چارەسەرە فێردەبن چۆن هەست بە خۆهۆشیاری نەرێنی بکەن و بیگۆڕن ، و پەرە بە تواناکانیان بدەن و یارمەتی بە دەست هێنانی متمانەی دەدەن لە حاڵەتەدەروونیەکان .**

**دووەم/بژاردەی دەرماننناسی : سەرەڕای بوونی چەندین جۆری دەرمان ،بەڵام ڕێگرتنی چاککردنی سیرۆتۆنین ( ) هەندێ جۆری دەرمانی یەکەم کە هەوڵ بۆ نیشانەی بەردەوامی دڵە ڕاوکێی کۆمەڵایەتی داوە ، لەوانەیە پزیشکەکە پاکسل یان سیریتالین یان زۆڵفوت بۆ بنوسێت .**

special Education

**ئەو ئامانجانەی پێویستن لە پرۆسەی ڕێنماییکردنی خیزانی خاوەن پێداویستیە تایبەتیەکان:**

ڕێنمایی بەشێکی گرنگ و بنەڕەتییە لەخزمەتگوزاریە جۆراوجۆرەکانی پەروەردەیی تایبەتی، هەولدەدات بۆ بەدەستهێنانی کۆمەڵێک ئامانج کە ڕەنگدانەوەی پێویستییە گرنگەکانی تاکەکان بەگشتی و خاوەن پێداویستیە تایبەتەکان بێت بەتایبەتی. ئەم ئامانجانە بۆ یارمەتیدانی ئەو کەسانەن کە خاوەن پێداویستی تایبەتن ئەوانیش:

1- تێگەیشتن لە ڕاستی توانا و هەڵوێست و ئامادەکاریەکانیان و چۆن لە کۆمەڵگادا ببنە تاکێکی چالاك.

2- پەرە بە تواناکانی خۆیان بدەن بۆ ڕووبەڕووبوون و چارەسەرکردنی کێشەکان، توانا ناوخۆییەکان کە لەرێگەی پرۆسەی ڕێنماییکردنەوە پەرەی سەندووە یارمەتی خاوەن پێداویستی تایبەت دەدات تاوەکو بتوانێت خۆی لەگەڵ کۆمەڵگا بگونجێنێت.

3- لەو ژینگەیە تێبگەن کە تێیدا دەژین بە هەموو رەهەندەکانیەوە. ئەرکی ڕێنمایی هۆشیارکردنەوەی خێزان و خاوەن پێداویستی تایبەتە بۆ ئەو ژینگەیەی تێیدا دەژین و چۆنیەتی مامەڵەکردنی لەگەڵی.

4- تێکەڵکردن و گونجاندنیان لەگەڵ کۆمەڵگە.

5- پلان دانان و پێشخستنی بواری پیشەیی و پەروەردەیی و خێزان، وە باشترین شت چیە کە منداڵ دەتوانێت بەکاری بهێنیت بۆ پێشخستنی داهاتووی.

6- یارمەتیدانی خاوەن پێداویستیە تایبەتیەکان بۆ پەسەندکردنی ڕاستی کەمئەندامییان.

7- یارمەتی کەسانی خاوەن پێداویستی تایبەت بدرێت بۆ خۆگونجاندن و ژیان لەگەڵ کەمئەندامی و چارەسەرکردنی ئەو کێشانەی رووبەروویان دەبێتەوە لە دەرەنجامی ئەم حاڵەتەیان.

8- ڕێنمایی کردنی کەمئەندامان بۆ ئەو دەرفەتانەی کە لە بەردەستدان بۆ ڕاهێنان و ئاوەدانکردنەوە و ئەو چارەسەرانەی کە بەردەستن.

9- یارمەتیدانی خێزانی خاوەن پێداویستی تایبەت بۆ هەڵمژینی ئەم شۆکبوونە ئەویش بە بوونی کەمئەندامێک لە نێویاندا و قبووڵکردنی ئەم ڕاستییە و مامەڵەکردن لەگەڵیدا.

10- هاوکاریکردنی خێزانی خاوەن پێداویستیە تایبەتیەکان بۆ دەستبەرکردنی ژیانی خێزانی سەقامگیر.

11- هاوکاریکردنی خێزانی خاوەن پێداویستیە تایبەتیەکان بە دەستگەیشتنیان بە زانیاری و سەرچاوەی پێویست بۆ پشتگیری و خزمەتگوزاریەکان لەلایەن ناوەندەکانی چاودێری و سەنتەرە ناحکومییەکان لایەنی پسپۆر لەم بوارەدا.

**پێداویستییەکانی خێزانی منداڵانی خاوەن پێداویستی تایبەت :**

دەتوانرێت بەو جۆرە پێناسە بکرێت: ئەو خواستانەی خێزانە کە دەریدەبرێت بۆ ئەو شتانەی کە پەیوەندیان بە خزمەتگوزاری پێویست یان ئامانجە چاوەڕوانکراوەکانەوە هەیە و ئەم پێداویستیانە بەم جۆرە پۆلێن دەکرێن:

**أ- پێویستیبوون بە زانیاری:**

دەستگەیشتن بە زانیاری پێویستیەکی بەپەلەیە بۆ دایک و باوک، زۆرجار پێویستیان دەبێت بە:

1- تێگەیشتنێکی قوولتر لە ڕەوشی منداڵەکەیان.

2- زانینی ئەوەی لە داهاتوودا چاوەڕێی چی دەکرێت بۆ منداڵەکەیان.

3- زانیاری لەسەر پێویستیەکانی منداڵەکە و چۆنیەتی دەستبەرکردنیان.

4- زانیاری لەسەر قۆناغەکانی گەشەکردنی منداڵانی خاوەن پێداویستی تایبەت.

5- زانیاری دەربارەی یارمەتی و خزمەتگوزاریەکان کە لەلایەن کۆمەڵگاوە پێشکەش دەکرێت.

6- زانیاری لەسەر چۆنیەتی مامەڵەکردن لەگەڵ منداڵانی خاوەن پێداویستی تایبەت.

7- زانیاری لەسەر پەروەردە و بەدەستهێنانی بەهرە ی سەرەتایی ئەکادیمی .

**ب- پێویستبوون بە پاڵپشتی کردن:**

دایک و باوک پێویستیان بە پشتگیرییە لە پسپۆران و ئەو خێزانانەی کە هەمان کێشە و سەرچاوەی پشتگیرییان هەیە دەتوانن فەرمی بن وەک کەسانی پسپۆڕ و پیشەگەر و حکومەت یان نافەرمیەکانی وەک هاوڕێ و خزم و کەسوکار.

**ج- پێویستیە کۆمەڵایەتیەکان:**

پێویستە یارمەتی دایک و باوکەکان بدرێت لە کارلێکی کۆمەڵایەتیدا، کار بکرێت بۆ دابینکردنی خزمەتگوزاری لە ماڵەوە و پشتگیری کۆمەڵگا لە هەموو سەرچاوە جیاوازەکانەوە. کۆب: ئاماژە بەوە دەکات کە پشتگیرییەکی باشی کۆمەڵایەتی دەبێتە هۆی ئەوەی کە تاک باوەڕ بەوە بکات کە کەسانی تر گرنگی پێ دەدەن و دەستخۆشی لێ دەکەن و هەموو کەسێک پابەندە بە پشتیوانیکردنی خۆی و ئەوانی تر.

**د- پێویستی خزمەتگوزاریە کۆمەڵایەتیەکان:**

خزمەتگوزاریەکان لەم لایەنەوە بریتین لە سەردانی کردنی ماڵ و خزمەتگوزاری ڕێنمایی و رێبەری کردنیان.

**ه- ئەو پێویستییەی کە پەیوەستە بە ئەرکی خێزانەوە:**

پێویستە سیستەمی پشتیوانی ناوخۆیی دابین بکرێت بۆ یارمەتیدانی ئەندامانی خێزان کە بە شێوەیەکی ئاسایی بژین سەرەڕای ئەو سەختیانەی کە بەهۆی بوونی تاکێکی خاوەن پێداویستی تایبەتەوە دروست دەبێت ، کە زۆرێک لەوان و خێزانەکانیان بەهۆی ناوەندی خزمەتگوزاریەکانەوە لە هەندێک ناوچەی جوگرافی دا خزمەتگوزاری گونجاویان پێ نادرێت و ڕەنگە زەحمەت بێت دایک و باوک بە دەستی بهێنن.

**و- پێویستی پێکهێنانی دەست و ڕێکخراوەکان:**

پێویستی پێکهێنانی یانە و کۆمەڵەیەک کە منداڵانی خاوەن پێداویستی تایبەت لەخۆی بگرێت بۆ گۆڕینەوەی زانیاری و بەرگریکردن لە مافی منداڵەکانیان.

**ی- پێویستی چێژ وەرگرتن و کاتەکانیان و حەسانەوەیان:**

**ئەو قەیرانانەی کە خێزانی منداڵانی خاوەن پێداویستی تایبەت دەتوانن ڕووبەڕوویان ببنەوە و پێویستیان لەکاتی پرۆسەی ڕێنمایی ئەوانیش:**

| | |
|---|---|
| قەیرانی شکبوونەکە | ئەم قەیرانە پێویستی بە ڕێنمایی و پشتیوانی ڕاستەوخۆ هەیە، لەگەڵ زانیاری سەرەتایی بۆ یارمەتیدانی خێزان لە ڕوونکردنەوەی ڕەهەندەکانی کێشە ڕاستەقینەکە، زانیاری لەسەر ئەوە چی لە منداڵ چاوەڕێ بکرێت و دایک و باوک ئامادە بکات بۆ ئەرکی پلاندانانی ئایندە. |
| قەیرانی بەها کەسییەکان | ئەم قەیرانە پێویستی بەدۆزینەوەی ئەگەری هەندێک تایبەتمەندی پۆزەتیڤ هەیە لەمنداڵدا و هەندێک تایبەتمەندی کە دەکرێت بەهای هەبێت بۆ دایک و باوک. |
| قەیرانی ڕاستیەکان یان واقیع | ڕۆڵی ڕێنمایکار لێرەدا بۆ ئەوەیە لە کێشەکانی دایک و باوک تێبگات و ڕێنماییان بکات بۆ دەستگەیشتن بە خزمەتگوزاری تایبەت و بەردەست بۆ منداڵەکەیان، کە ئەمەش دەتوانێت کاریگەری ئەم قەیرانە لەسەر دایک و باوک کەم بکاتەوە. |

**کۆنترۆڵکردنی رفتاری منداڵ:**

پەیوەندی کردن بە سەنتەرەکان یان دامەزراوەیەکانەوە کە یارمەتی خاوەن پێداویستی تایبەت کە بتوانێت بەسەر ئەو کێشە و زەحمەتیانەی ڕووبەڕووی دەبێتەوە زاڵ ببێت. گونجاندنی خوشک و براو سەقامگیرکردنی باری خێزان و وەڵام نەدانەوەی خاوەن پێداویستی تایبە بە هەوڵەکانی دایک و باوک، یارمەتیدانی خێزان بۆ ڕووبەڕووبونەوەی بەرپرسیارێتی بەرامبەر بە منداڵە کەمئەندامەکەیان لەلایەك و لەلایەکی ترەوە منداڵە ئاساییەکانیان، هەروەها یارمەتی دانیان لە چۆنیەتی جیاوازی مامەڵەکردن لەگەڵ منداڵە کەمئەندام و ئاساییەکانیان. چاودێری بەردەوام و هیلاکیی و لێکەوتەکانی بێ توانایی لە کارکردن و هاوسەرگیری ئاڕاستەکانی تاکەکانی کۆمەڵگا بە گشتی و خزم و کەسوکار بە تایبەتی. ئەگەر نێگەتیڤیش بێت، ئەمە پێویستی بە گۆڕینی هەڵوێستی تاکەکان و جێگرتنەوەی بە هەڵوێستی پۆزەتیڤانە هەیە بە قبوڵکردنی خاوەن پێداویستیە تایبەتیەکان.

**توانا و لێهاتنەکانی سەرکەوتنی کاری ڕێنماییکردنی خاوەن پێداویستیە تایبەتیەکان:**

ڕێبەرێك کە مامەڵە لەگەڵ خاوەن پێداویستیە تایبەتیەکان دەکات دەبێت زۆر شتیان فێر بکات کە خەڵکی تر نیگەران ناکەن، ئەگەر تۆ ڕێبەری خاوەن پێداویستیە تایبەتیەکان بکەیت، دەبێت یارمەتییان بدەیت لە مامەڵەکردن لەگەڵ کێشەکان بکەن چ لە ڕووی جەستەییە یان سۆزدارییەوە، هەروەها یارمەتیان بدەیت خۆیان قبوڵ بکەن و فێریان بکەیت کە چۆن بەدوای کاردا بڕۆن و چۆن ڕاهێنان بەو تواناىانەیان بکەن کە پێویستە بۆ سەرکەوتنیان . هەروەها دەبێت بۆ زیاتر زانینی ئەم تاکەی ناو خێزانەکەیان کە لە کێشەدایە لەگەڵ خێزانەکەیان دا دابنیشە، وە کاربکە بەهەماهەنگی لەگەڵ دەزگا و دامەزراوەکانی کۆمەڵگا مەبەستی ئیفادە کردن و دروستکردنی پەیوەندی کۆمەڵایەتی کە ڕەنگە لە داهاتوودا لە ڕێنماییکردنی ئەو خێزانانەی خاوەن پێداویستی تایبەت هەیە بەسوود بێت.

**پێویستە ڕێنمایکار ئەم تایبەتمەندیانەی خوارەوەی هەبێت بۆ ئەوەی بە شێوەیەکی کارا لەگەڵ خاوەن پێداویستیە تایبەتیەکان و خێزانەکانیان مامەلە بکات ئەوانیش:**

* پێویستە تێگەیشتن و دەرك پێکردن و پشکنینی هەڵوێستەکانی بەرامبەر بە خاوەن پێداویستیە تایبەتیەکان وورد و قووڵ بێت.

* خاوەنی ئاراستە و هەڵوێستی ئەرێنی و گەشبینانە بێت بەرامبەر بە پرۆسەی ڕێنماییکردن و ئامادەکردنی خاوەن پێداویستیە تایبەتەکان.

* پێویستە بەردەوام جەخت بکاتەوە لەسەر تواناکانی خاوەن پێداویستیە تایبەتەکە نەك جەخت بکاتەوە لەسەر کەمئەندامییەکەی.

* لەوە گرنگتر ئەوەیە پێویستە ڕێنمایکاری خاوەن پێداویستیە تایبەتیەکان شارەزا و زۆر شیاو بێت تا بتوانێت بەرگەی ئەو بێهیوایی و نارەحەتیە زۆرەی بگرێت کە ڕووبەڕووی دەبێتەوە، سەرەڕای ئەو بێهیوایی و نارەحەتیە زۆرانە ئەم پیشەیە هاندانی مەعنەوی و بەهێزبوونی ئیجابی لەخۆی دەگرێت کە ڕێنمایکار بەرەو هەستێکی ڕازیبوون و بەختەوەری دەبات.

- **لەگرنگترین ئەو تایبەتمەندیانەی هەستی رازیبوون لە پیشەکەیی و کامەرانی بە ڕێنمایکار دەبەخشێت:**

| | | |
|---|---|---|
| شارەزای لایەنی کۆمەڵایەتی و پزیشکی و پەروەردەیی و ئامادەکاری و رفتاری خاوەن پێداویستیە تایبەتەکە بێت | هەست کردن بە پێداویستیە ڕاستەقینەکانی خێزانەکانیان | رەچاوکردنی جیاوازیە تاکە کەسییەکان |
| خاوەنی ئاراستەیەکی ئیجابی ڕاستەقینە بێت بەرامبەر بە خاوەن پێداویستی تایبەت و خانەوادەکەی | زۆر ئارام گرتن و بەرگەگرتن | بەکارهێنانی شێوازی چێژبەخش |
| چاوپۆشین لە خالە لاوازەکانی خاوەن پێداویستی تایبە و خانەوادەکەی | گوێگرتنێکی باش | پالپشتی کردنیان بەهەر جۆرێك بێت |
| ڕێزگرتن لە بەها و شێوازی ژیان و بریارەکانیان و جیاوازە کەسیەکانیان | واقیع بینانە واقیبوون | دانان بە سنورداریبوونی مەعریفە |

**چەند نموونەیەکی تایبەت لە پێشکەشکردنی خزمەتگوزاری تایبەت بە خاوەن پێداویستیە تایبەتەکان و خێزانەکانیان:**

**١-ڕێنماییکردنی تاکەکەسی:**

مەبەست لە ڕێنمایکردنی تاکی خاوەن پێداویستی تایبەت و خێزانەکەی ئەوەیە کە بەردەوام خزمەتگوزاری و هاوکاریان پێشکەش بکریت و کیشەکانیان چارەسەر بکریت و لەگەلیان بگونجێن، جا رینمایی تاکەکەسی خێزانی هاوکاری و ڕێنمایی دایك و باوکان دەکات بەوەی خاوەن پێداویستی کەسین و خاوەن کۆمەڵێك خەسلەتی جیاوازی دەروونی و رفتارین کە پێویستیان بە ڕێنمایی تاکەکەسی هەیە.

**پێویستە ڕێبەر ڕەچاوی ئەم خاڵانە بکات:**

1- پێشەوازی کردن لە تاك و باوانی و روونکردنەوەی ئامانجی دانیشتنی یەکەم.

2- پێویستە پارێزگاری لە نهێنی زانیاریەکان بکات

3- دەرفەت بە تاك و خێزانەکەی بدات و پشووبدەن و هەست بە ترس و دلەراوکێ نەکەن

4- تۆمارکردنی ئەو شتانەی لە دانیشتنەکەدا دەگوزەری لەگەل تاك و ڕێنماییکراو و خێزانەکەی

5- هەلبژاردنێکی شوێنێکی ئارام و بێ ژاوەژاو بۆ ئەنجامدانی دانیشتنەکە.

**٢-ڕێنماییکردنی بە کۆمەڵ:**

لەرێگەی ئەم شێوازە کۆمەڵێك تاك یان خێزان ڕێنمایی دەکرێت لەبەر ئەوەی کیشەکانیان هاوشیوەیە و لێك نزیکە و ڕێنمایی بەکۆمەلیان لەگەلدا بەکاردێ، بەلام هەموو لەیەك یارمەتی ئەوەی تریان دەدات و زانیاریەکان ئالوگور دەکەن لەبارەی راستکردنەوەی رفتاری و هەلە، لەگەڵ ئەم پێکگەیشتنە خانەوەدەکان باسوخواسی رووداوەکان بۆ یەکتری دەکەن و کاریگەری لەسەر پرۆسەی ڕێنماییکردنەکە دروست دەکەن و هەریەکیان یارمەتی ئەوەی تریان دەدات و یەکتر دەناس و لەگەڵ کیشەکانی یەکتر دەژین.

**٣-سەردانیکردنی ماڵان:**

ئەمە شێوازە کە لە ڕێگەیەوە ڕێبەر زانیاری تەواو کۆدەکاتەوە لەبارەی منالە خاوەن پێداویستیە تایبەتیەکە و یارمەتی دان و ئاراستەکردنی، هەروەها دانانی پلان و چالاکی پێویست بۆ ڕێنماییکردنی منداڵەکە.

**٤-تێبینیەکانی سەنتەرەکان و بەشداریکردن لە جێبەجێکردنی پرۆسەکە:**

ڕێبەری سەرکەوتوو کۆمەڵێك چالاکی پێشەکی منالە خاوەن پێداویستیە تایبەتەکە دەکات و پێویستە خێزانەکەش هاوکاری بکەن لە جێبەجێکردنی ئەو پرۆگرامە پەروەردەییە کە ئەمەش سوود و قازانجی دەبێت بۆ دایك و باوکان، ئەمەش وادەکات منالەکە فێری زۆر چالاکی و بەهرەی نوێ بێت لە مالەوە بەمەش دایك و باوك خالی هێز و لاوازی منالەکەیان بۆ دەردەکەوێت.

**٥-بڵاوکراوە رۆنشبیریەکان:**

ئەو بڵاوکراوانەش هەمویان پەیوەندیان بە بارودۆخی منالانی خاوەن پێداویستیەوە هەیە لەگەڵ بلاوکردنەوەی باشترین ریگاکانی مامەلەکردن لەگەڵ ئەو جۆرە منالانە.

special Education

**ستراتیژیەتە بنەڕەتییەکانی ڕێنماییکردن:**

ڕێنمایکار دەبێت ئاشنا بێت بە بیردۆزەکانی ڕێنمایی سەرەکی، هەروەک زانینی ڕێنمایکار بۆ تەکنیکە گونجاوەکان و ڕێکارە گونجاوەکان کە دەتوانێت یارمەتی ڕێنماییکراو بدات و لێرەدا پێداچوونەوە بەو بیردۆزانەی ڕێنماییە بنەڕەتییەکان دەکات کە یارمەتی ئەو کەسانە دەدەن کە لە پیشە ڕێنوێنییەکاندا کار دەکەن و هەر یەکێک لەو بیردۆزانە وەریدەگێڕێت بۆ میتۆدێکی ڕێنوێنی کە ڕێنمایکار دەتوانێت بەکاری بهێنێت. وە لەو ستراتیژیەتانە تێدەگات تاوەکو ڕێبەرێکی بەتوانایی لێ دەربچێت و بتوانێت دەست وەربدات لە کێشەکان لە کاتی خۆیدا بۆ یارمەتیدانی تاکی خاوەن پێداویستی تایبەت و خێزانەکانیان.

**سێ ڕێگا کۆنەکە یان تەقلیدیەکە:**

(ستیوارت 1988 )ئاماژەی بەوە کردووە کە پرۆسەی ڕێنمایی کردن بۆ ماوەیەکی زۆر کاریگەر دەبێت بە سێ ڕێگا کۆنەکە یان تەقلیدیەکە ئەوانیش:

1- **شێوازی ڕاستەوخۆ**: ئەم شێوازە جەخت لەسەر ڕێنمایکردن دەکاتەوە ، کە لەسەر بنەمای ڕێنمایکار بنیات نراوە، لە ڕێنمایکارەوە بۆ ڕێنماییکراو و ڕێنمایکاریش خۆی بنەمای پرۆسەکەیە.

2- **شێوازی ناڕاستەوخۆ**: یان شێوازی ئاراستەکراوە و جەخت دەکاتەوە لەسەر ڕێنماییکراوەکە، وە هەر ئەو سوودمەند دەبێت پرۆسەی ڕێنماییکردنەکە و هەر ئەویش بنەمای پرۆسەکەیە.

3 - **شێوازی ڕاگوزەر (گواستراوە):** ڕاستەوخۆ و ناڕاستەوخۆ وەردەگرێت و شێوازی تر هەیە باو و بەکار دێت لەلایەن ژمارەیەک لە ڕێبەرەکانەوە وەک بوون و بەراییەت و میتۆدی شیکاری دەروونی و تیۆری عەقلی سۆزداری.

## جیاوازی نێوان هەر سێ شێوازە:

| شێوازی ڕاستەوخۆ | شێوازی ناراستەوخۆ | شێوازی ڕاگوزاری (گواستراوە) |
|---|---|---|
| 1- پشت بەو زانیارانە دەبەستێ کە ڕێنمایکار کۆی دەکاتەوە.<br>2- بایەخ بە بیرکردنەوە و کاردانەوە دەدات ناوەرۆکی هزری<br>3- زۆربەی زانستیانەیە<br>4- زیاتر بایەخ بە بواری پیشەیی و پەروەردەیی دەکات.<br>5- جەخت لەسەر کێشەکانی ڕێنماییکراو دەکاتەوە. | 1- پشت بەو زانیاریانە دەبەستێ کە ڕێنماییکراو پێشکەشی دەکات.<br>2- بایەخ بە هەلچوونەکان دەکات لەگەل کاردانەوە بۆ ناوەرۆکە هەلچوونەکان.<br>3- زیاتر جەخت دەکاتەوە لەسەر پەیوەندیە مرۆییەکان ئەمەش وای کردوە جیای بکاتەوە لە شێوازی ڕاستەوخۆ.<br>4- زیاتر بایەخ دەدات بە بواری کەسی کۆمەلایەتی<br>5- جەخت دەکاتەوە لە کاری دیمانە و چاوپێکەوتن | 1- پشت بەو زانیاریانە دەبەستێت کە ڕێبەر کۆیان دەکاتەوە یاخود ئەو زانیاریانەی کە ڕێبەر پێشبینی دەکات.<br>2- بایەخ بە هزر و هەلچوونەکان دەدات.<br>3- هەردوو شێوازی زانستی و پەیوەندیە مرۆییەکان لەخۆی دەگرێت.<br>4- بوارەکانی پیشەیی و پەروەردەیی و کەسی کۆمەڵایەتی دەگرێتەوە.<br>5- جەخت دەکاتەوە لەسەر کێشەکە و پرۆسەکە. |

**بەرپرسیارێتی دایك و باوکان بەرامبەر بە منالّی خاوەن پێداویستی تایبەت:**

ئەم بەرسیارێتیە زۆر پێوستە کە هانی دایك و باوکانی بۆ بدرێت لەبەر ئەوەی رزگاریان دەکات لە ئاراستە نێگەتیڤەکان ئەمە گۆرانکاری لە ژیان دروست دەکات وایان لێ دەکات لەکاتی بوونی منالێکی خاوە پێداویستی تایبەت ئەوپەری پەیوەست بن بە سەرپەرشتی کردنی و بەخێوکردنی، لەگەڵ ئەوەشدا نەبونی هاوکاری و پالپشتی ئەم هەستی بەرپرسیارێتیە لایان لاواز دەبێت، هەربۆیەب زۆر پێویستە رەچاوی پێداویستیە تایبەتیەکانی تاك و خێزان بکرێت و پالپشتیان بکرێت لەرێگەی پێشکەشکردنی خزمەتگوزاری کۆمەلأیەتی و پەروەردەیی و راهێنان.

**لە بەرپرسیارێتیەکانی دایکان و باوکان:**

* رازبوون و ملکەچبوون بۆ واقیع ئەمەش رێگایەکی زۆر باشە بۆ پێشکەشکردنی چارەسەری پێویست.

* رازیی بکرێت کە پێویستە لەسەریان نەرمونیان بن و دەم بەخەندە بن و ئامێزیان گەرم بۆ منالەکەیان و پارێزگاری لێ بکەن تاوەکو بتوانێت فێربێت و خۆشی و کەسانی تریش خزمەت بکات.

* بەهەموو توانایەکیانەوە کاربکەن بۆ فێرکردنی و راهێنانی لە پیویستیەکان ژیانی رۆژانە وەکو خواردن و خواردنەوە و خۆگۆڕیرن و بەشداریکردن لە کارە ئاسانەکانی ناو ماڵ.

* دانان بە بوونی و پالپشتی کردنی و دانان بە تواناکانی ئەمەش هەستی متمانە بەخۆبوونی زیاد دەکات و کاریگەری لەسەر ژیانی دەبێت.

* گالتە پێنەکردنی بە هیچ شیوەیەك و نەشکاندنەوەشی تەنانەت ئەگەر بە گالتە و پێکەنینەوەش بێت.

* دورکەوتنەوە لە شیوازی بەراووردکردنی بە خوشك و براکانی لەوانەیە ببیتە هۆی دروست بوونی هەستی شەرانگێزی و حەسوودی بۆیە پێویستە هاند بدرێت و پالپشتی بکرێت ورەی بەرزبکرێتەوە کە ئەویش وەکو ئەوانیتر بەتوانایە.

* گوشەگیر نەکردنی و نەشاردنەوەی لە خەلکی بەلکو پێویستە بەشداری پێبکرێ لە چالأکیە کۆمەلایەتیەکان ناو خێزان تاوەکو لێیانەوە فێری بەها و رێساکانی ژیان بێت.

* تێگەیشتن لە جۆر و شێوەی ئاستی کەمئەندامیەکەی لە هەمو روویەکەوە و هاوکاریکردنی هەمو توانایەك بۆ ئەوەی بتوانێت زاڵ بێت بەسەریدا و دانانی پرۆگرامی پێویست بۆ فێرکردنی.

**بەرپرسیارێتی دایك و باوکان بەرامبەر بە منداڵی نابینا:**

* ڕازیبوون بە واقیعەکە و تەقدیرکردنی حالی منالەکە بەبێ زیادەڕۆیی کردن تێیدا.
* جەخت کردنەوەی سەر ئەو هۆکارە ژینگەییانەی کە دەبێنە چارەسەرێکی باش بۆ منالەکەیان.
* قسەکردن لەگەڵ منالەکە و پێدانی زانیاری تەواو لەسەر ڕووداوە جۆراوجۆرەکان کە ڕووبەڕووی دەبێتەوە.
* بایەخدانێکی زۆر بە منالەکە لەڕووی جلوبەرك و شێوە و سیمای و ڕفتارەکانی
* ڕوونکردنەوەی تواناکانی منالە نابیناکە بۆ کەسانی تر.
* دەبێ خێزان بزانێت کە منالی نابینا پێویستی بە ڕاهێنانی کرداری و زارەکی هەیە بۆ ئەوی تواناکانی خۆی پەرە پێ بدات و پشت بەخۆی ببەستێت.

**پەرپرسیارێتی دایك و باوکان بەرامبەر بە منداڵی پەکەوتەی عەقڵی:**

* پێویستە دایك و باوکان زۆر ئارام بگرن چونکە منالەکەیان پێویستی بە زۆر دووبارەکردنەوەی هەیە تاوەکو بتوانێ کارەکانی ئەنجام بدات.
* نابێت لە یەك کاتدا کۆمەڵێ کار و چالاکی بەو منالە خاوەن پێدایوستیە تایبەتە بدرێت.
* ڕاهێنانی لەسەر توانا سەرەکیەکانی ژیانی بۆ ئەوەی پشت بەخۆی ببەستێت.
* دلخۆش بوون و دەربرینی شادی و کامەرانی کاتێك منالەکەیان دوای هەولێکی زۆر سەرکەوتوو دەبێت.
* منالە پەکەوتەکە عەقلیە خۆی چۆنە هەر بەو شیوەیە قبوولی بکەن.

**بنەما سەرەکییەکان کە ڕێنماییکردنی خێزانەکانی لەسەر بەندە:**

* ڕێزگرتن لە بەها و پێویستی و شارەزایی و بیروباوەڕەکانی خێزان.
* هەولدان بۆ دەستەبەرکردنی تەواو پێداویستیەکانی تاك و خێزان.
* ڕێگرتن لە هەر تاکێك لە تاکەکان خێزان و تێگەیاندنی.
* تەماشاکردنی دایك و باوك وەکو دوو هاوبەشی پیشەیی ڕاستەقینە.
* یارمەتیدانی خێزان بۆ بەهێزکردنی سەرچاوە کەسیەکانی و پالپشتی کردنی و بەهێزکردنی هەستی متمانەبەخۆبوونی.
* پێدانی تەواو زانیاریەکان بە خێزان بۆ ئەوەی بتوانێت بریاری دروست بدات.
* پەلە بکرێت لە پێدانی ڕێنمایی کردنی خێزانەکان و ئاشکراکردنی کەمئەندامیەکە یان پێشبینی کردنی.

**هەندێك خاڵ هەن پێویستە رینمایکار سەرەنجی دایکان و باوکانی بۆ رابکێشێت:**

* هەولبدات هەلوێستی دایك و باوك بۆ کێشەکە هەلوێستی بابەتیان بیت.
* تێگەیشتن لە هۆکارەکانی داکەوتووی منالەکە
* تێگەیشتن و زانیاری ئاستی دواکەوتنەکە لەگەڵ رفتار و ئەو پێشهاتانەی ڕوودەدن لە ئایندە.
* تێگەیشتن لە ئاستەنگ و پێداویستیەکان منالٚ ئەو نارەحەتیانەی روبەڕوی دەبێتەوە.
* تێگەیشتن لە کاریگەر منالە پەکەوتە عەقلیەکە لەسەر خێزان بە گشتی و خوشك و براکانی بەتایبەتی.
* تێگەیشتن لە چۆنیەتی مامەلەکردن لەگەڵ منالەکە و گەشەکردنی لەگەڵ گرنگترین ئەو هۆکارانەی بەکاردێت بۆ فێرکردنی و ڕاستکردنەوەی رفتارەکانی.

## پەککەوتویی دەروونی:

یەکێکە لەو پەکەوتوانەی کە لە نێو هەموو کۆمەڵگاکان بوونی هەیە، کە ئامارەکان ئاماژە بەوە دەکەن کە نزیکەی ( ٣بۆ٥ ) هەر هەزار کەسێک بەدەست هەندێک جۆری پەککەوتوی دەروونیەوە دەناڵێنن لە قۆناغی( ١٠-١٤ )ی تەمەنیاندان، ئەم ڕێژەیەش زیاد دەکات بۆ نزیکەی( ٦ بۆ هەر ١٠٠٠ ) کەسێك لە هەموو قۆناغەکانی تری تەمەندا، هەروەها پۆلێنکردنی پۆلەکانی کەسانی پەککەوتوی دەروونی جۆراوجۆر بووە، بۆ ئەوەی ئاسانکاری لە پرۆسەی ئاشکراکردن و دەستنیشانکردنی تایبەتمەندیەکانیان و چۆنیەتی مامەڵەکردن لەگەڵیان بکرێت بۆ ئەوەی هاوکارییان بکەن بۆ وەبەرهێنانی توانا دەروونیەکانیان.

**پێناسەی پەککەوتووی دەروونی:** ئەو پەککەوتووە دەروونییە کە لە ئەنجامی کەموکوڕییەک کە لە مێشکدا دروست دەبێت وەک شیکردنەوە، ژماردن، بیرکردنەوە و پەیوەندی لەگەڵ کەسانی تر و ئەوانی تر، کە دەبێتە هۆی ئەوەی کە کەمئەندامیی فێربوون یان فێربوونی زەحمەتی یان کەموکوڕی لە هەڵسوکەوت و هەڵسوکەوتی گشتیی تاکدا هەبێت، هەروەها لەژێر چەمکی کەمئەندامیی دەروونی (بەدواداگەڕانی دەروونیی - سەختی فێربوون– شلەژانیرەفتاریی ئۆتیزم)

**گرنگترین پۆلێنکردنی هۆیەکانی پەککەوتویی دەروونی سنووردارە بەم شیوەیە:**

١ -هۆکارەکانی پێش منداڵبوون: سنووردارە بە هۆکاری بۆماوەیی، ئەو نەخۆشیانەی کە کاریگەریان لەسەر دایکەکە هەیە،وەکو/ بەرکەوتنی تیشک، دەرمان، ژەهراویبوونی پلازما، ناڕێکیی میتابۆلی، خۆراک، پیسبوونی هەوا و ئاو، هەروەها جیاوازی هۆکاری ڕیسک، جگە لە بریندابوون و گرێی و بەریەککەوتن .
٢ -هۆیەکان لەکاتی منداڵبووندا: منداڵبوون قورس، هەوکردنی منداڵبوون، تراوماکی جەستەیی و منداڵبوونی نائاسایی.
٣ -هۆکاری پاش لەدایك بوون: بریتین لە بەدخۆراکی، توشبوون، نەخۆشیەکان، کەمی یۆد، پەتا، ژەهراویبوونی ، هەروەها نەخۆشیەکانی مێشک بە سەختی.

**تایبەتمەندیەکانی پەککەوتویی دەروونی:**

**أ.تایبەتمەندی گشتی بۆ ئەو مێشکە دواکەوتووی:**

١ -**تایبەتمەندی جەستەیی (فیزیکی):** دواکەوتووی ی دەروونی بە درەنگ گەشەی جەستەیی، خاوی و بە گشتی قەبارەی بچووک و هەروەها کێشی کەمتر لە ئاسایی، هەروەها قەبارەی مێشک بچووکتر و کەمتر کێش دەکرێت لە دواکەوتوویی دەروونی دا لە تێکڕایی، هەندێک جاریش ڕەنگە نائاسایی لە شێوەی سەرو چاو، دەم، پەل و پەنجەدا دروست بێت.

٢ -**تایبەتمەندییە ژیری و هزرییەکان:** تایبەتمەندییە دەروونییەکانی دواکەوتووی دەروونی بەگشتی بریتییە لە دواکەوتنی گەشەی هزری و زیرەکی نزم بۆ کەمتر لە ٧٠ پلە، هەروەها پێشکەوتنی زمان بە شێوەیەکی بەرچاو ، هەروەها پرۆسە کانی دیکەی دەروونی وەک شکەستی یادگا و سەرنج و کۆنمرە و خەیاڵ و بیرکردنەوە و تێگەیشتن و و تەرکیز، لە ئەنجامدا بە دەستگەیشتنیکی خراپ و نەبوونی زانیاری و ئەزموون.

٣ -**تایبەتمەندییە کۆمەڵایەتییەکان:** هەستکردن بەکەمی و نەبوونی توانای خۆگونجاندن و ڕارکدن لەبەر پرسیارەتی و ترس و شەرمی کۆمەلایەتی و بەهۆی کەمووکورتی و خراپی باروو دۆخی دەروونی تاکەکەوە.

٤- **تایبەتمەندیە سۆزداری و سۆزدارییەکان:** ئەو هەستەی کە لە باری دەروونییەوە خاو دەبێتەوە، بە ناهاوسەنگی سۆزداری، ناسەقامگیری یان ئارامی، بەو جۆرەی کە هەندێک جار لاواز دەبن و هەندێک جاریش بە شێوەیەکی سۆزداری هێواش دەبن، کاردانەوەی سۆزداری لە ئاستی سەرەتانزیکترە، هەروەها کەمتر توانای بەرگەی دڵەڕاوکێ و بێهیوایی دەگرێت، هەروەها بە گەشەی ناتەواو و هێوربوونەوەی گشتی دەناسرێت.



Special Education

# ونکردنی کەسێتی

نەخۆشییەکە وادەکات کەسەکە هەمیشە بپرسێت : من لە کوێم ؟
ئایا ڕۆژێك پەیوەندیت بچڕاوە لەگەڵ دەوروبەرەکەت وە هەستت کردبێت هەموو ئەوانەی لەدەورتن تەنها خەوێکە ؟،
کەواتە تۆ توشی شڵەژانی ونکردنی کەسێتی یان واقیع بوویتە، ئەمەش شڵەژانێکی دەرونیەو دەناسرێتەوە بە هەستکردن بەجیابونەوەی لاشە و هۆش.

شڵەژانی جیابونەوەی خودی یان جیابونەوەی واقیع چیە ؟
بە ئینگلیزی پێدەوترێت **"Depersonalization"** ، ئەمەش شڵەژانێکەو درك پێکردنی کەسەکە بۆ خۆی و دەوروبەرەکەی دەگۆڕێت ، واتا نەمانی درك پێکردنی تاکە بۆ هەست و کیانی نەفسی، هەستپێکردنی بۆ دەوروبەر دەگۆڕێت وەك بڵێی لەشوێنێکی تربێت.
ئەم شڵەژانە بەشێوەی نەوبەیەك یان زیاترە ، هەتا چەند چرکەیەك یان خولەکێکی کەم بەردەوام دەبێت ، وە هەندێ حاڵەتیش هەیە قوڵ و بەردەوامە وەکو دیاردەیەکی ئیکلینیکی ( نەخۆشی) لێدێت، کە نەوبەکە مانگێك یان چەند ساڵێك دەخایەنێت.

ئەم شڵەژانە ئەبێت بە دوو جۆرەوە:
-ونکردنی کەسێتی یەکەمی : بەشێوەی نەخۆشیەکی سەرەکی بەردەوام دەبێت ، کەسەکە توشی ئەبێت بەبێ هیچ هۆکارێکی ڕوون .
-ونکردنی کەسێتی دووەمی : بەشێوەیەکی کاتی دێت.

هۆکارەکانی ئەم حاڵەتە چین ؟
هۆکارەکانی پشتی ئەم شڵەژانە دیاریکراوە و تێگەیشتنێکی تەواوی نیە ، سەرباری ئەوەش پەیوەندیەك هەیە لەنێوان ئەم شڵەژانە و نەبوونی هاوسەنگی لە دەمارە ڕاگەیاندنە گوێزەرەوەکانی مێشك ، هەروەها باوەڕیش وایە کە هۆیەکانی ژینگەیی ڕۆڵێکی کارای هەیە لە توشبون بەم شڵەژانە.
*بەڵام ئەشێت کەسەکە بەبێ هیچ هۆیەکی ڕوون توشی نەوبەی ونکردنی کەسایەتی بێت ، وە ئەشێت توشیشی بێت لەدوای ڕووداوێك کە هەڕەشەی لە ژیانی کردووە .
*ئەشێت ئەم شڵەژانە بەهۆی پەستان یان شۆکی دەرونی توندەوە توشت بێت ، لەوانیش توندوتیژی و ڕوداو و جەنگ ، ئیتر خۆی توشی بووبێت یان بینیبێتی. هەروەها زۆرجار ئەم شڵەژانە لەگەڵ حاڵەتی دەرونی تریش دادێت، وەك دوودڵی و دڵتەنگی و شیزۆفرینیا، ئەمەش بەشێوەیەکی چاوەڕواننەکراو ڕوودەدات.

مەودای بڵاوبوونەوەی :
هەندێك توێژینەوەی ئاماری دەڵێت ڕێژەی بڵاوبوونەوەی " ونکردنی کەسێتی یەکەمی" ١- ٢% لەکۆی گشتی مرۆڤەکان کە توشی شڵەژانی ونکردنی کەسێتی بەردەوامدەبن، ئەمەش بە سێیەم بەربڵاوترین شڵەژانی دەرونی دادەنرێت لەدوای دڵتەنگی و دوودڵی.
بەڵام "ونکردنی کەسێتی دووەمی" لە ٨٠% ئەو کەسانە توشی دەبێت کە دەناڵێنن بەدەست شڵەژانە دەرونیەکانی وەك دڵتەنگی و دوودڵی.

نیشانەکانی :
ئەو کەسانەی توشی ئەم شڵەژانەبوونە لە وەسفیدا دەڵێن دۆزەخێکی بێ وێنەیە، وایان لێدەکات وەك مردووی زیندوبن ، سەرباری فرمانەکانی هزر وەك هەستپێکردن و تێگەیشتن و دەرخکردن وەك خۆیان دەمێننەوە ، بەڵام هەندێك دەشێوێت بەهۆی نیشانەکانی ونکردن ، لەو نیشانانەش:
-هەستکردنێکی بەردەوام بە ونکردن یان جیابونەوەی کەسێتی لە لاشەکەی و خودی نەفسەکە خۆی ، وەك بڵێی نامۆ بیت .
-هەستەکات کردارەکانی خودکارین و وەکو مرۆڤێکی ڕۆبۆرتی وایە و کارەکانی ئەکات بەبێ هەوڵدان .
-کاتت لێئەگۆڕێت ، وەك هەستکردن بە کۆتا ڕوداو لە ڕابردویەکی دووردا .
-گۆڕانی قەبارەی شتەکان وەك بڵێیت بچوك و گەورە دەبن لەچاو ئەو شتانەی نەخۆش زانویێتی پێشتر.
-بینینێکی سەڕابی ناڕوون وەك بڵێی خەوە.
-کەسەکە هەست دەکات توشی شێتی بووە ، ئەمە سەرەڕای هەستکردنی بە دوودڵی و دڵتەنگی.
-هەستکردن بەوەی هیچ پەیوەندییەکی نەماوە بە کەسانی دەوروبەری.
-هەستدەکات دەستەکانی و قاچەکانی تێکەڵبووە.

ڕێگاکانی چارسەرکردن :
-ڕێنمونی خودی ، چارەسەرێکی سەرەکی ئەم جۆرە شڵەژانەیە.
-چارەسەر بە زانین ، ئەم جۆرە چارەسەر جەخت دەکاتەوە لە گۆڕینی شێوازەکانی بیرکردنەوەی کەسی توشبوو لە هەست و هەڵسوکەوتیدا.
-چارەسەی خێزانی ، یارمەتیدەرە لە ڕۆشنبیرکردنی خێزان لەبارەی ئەم شڵەژانەوە.
-خەواندنی سروشکاری : ئەوەش شێوازێکی چارەسەرە و پشودان و تەرکیزکردن و ئاگاییەکی بەهێزی تیابەکاردێت بۆ گەیشتن بە حاڵەتێکی تایبەتی هۆش ، ئەمەش یارمەتی کەسی توشبوو ئەدات تا بیر و هەست و یادگارییە شاراوەکانی بدۆزێتەوە لە عەقڵی بە ئاگاییدا.
-چارەسەی دەرمانی : سەرباری نەبوونی چارەسەرێکی دیاریکراو بۆ ئەم شڵەژانە ، بەڵام ئەگەر لەگەڵ دوودڵی و دڵتەنگی دابوو ئەوە دەرمانە دژە دوودڵیەکان(قەلەقی )پزیشك بۆی دیاریدەکات و ڕێنمونی دەکات تا چۆن بەکاری بێنێت.
هەروەك باوە چارەسەری ئەم شڵەژانانە بە مامەڵەکردن ئەبێت لەگەڵ ئەو ڕووداوانەی هۆکاری ئەم شڵەژانەیە.

**چۆن ڕێبەر یان رینمایكار شێوازێكی گونجاو و كاریگەر هەڵدەبژێرێت لە پرۆسەی ڕێنمایكردن:**

هیچ وەڵامێكی ڕەها بۆ ئەم پرسیارە نییە، بەڵام مەعریفە و ڕاهێنان و ئەزموون و نەرمی فاكتەری زۆر گرنگن لە دیاریكردنی باشترین شیواز كاتێك ڕێبەر هەر كام لەو شێوازانەی دەیگرنەبەر كە پێشتر ئاماژەیان پێ كراوە. هەریەك لە كلارك و مارتن (1994) پێشنیاری چەند تیۆرێكیان كردووە ئەوانیش:

**أ- ئەو ڕێنماییەی جەخت لەسەر ڕێنماییكراو دەكاتەوە:**

ئەم شێوازە ڕێنماییكردنە لە باوەڕبوونی توانای تاكەوە سەرچاوە دەگرێت بۆ پەرەسەندن و گەشەكردنی پۆزەتیڤانە لەكاتی بوونی ژنیگەیەكی لەباردا. ڕێبەر لێرەدا لە بری ئەوەی ئامۆژگاری و هەوڵی قەناعەت پێكردن بدات، هەول دەدات لە ڕێنماییكراوەكەی بگات، ڕێبەرەكە ڕێنماییكراوەكەی كۆنترۆل ناكات و ئاراستەی ناكات بەڵكو یارمەتی دەدات كە بە شێوەی بابەتیانە سەیری كێشەكانی بكات لە كەش و هەوایەكی دوور لە هەڕەشە و دۆستانە و ئارامدا. بە دروستكردنی پەیوەندی ڕێبەرەكە لەگەڵ ڕێنماییكراوەكەی تێگەیشتنێكی دادپەروەرانە و پەسەند بەمەش ڕێنماییكراوەكە پرۆسەی بەرگری لە خۆی كەم دەكاتەوە و دەست دەكات بە تەماشاكردنی هەستەكانی، ئەمەش وا دەكات كە باشتر خۆی لە كێشەكان بگات و زیاتر تاك بتوانێت خۆی بزانێ و قبوڵی بكات تا زیاتر پشت بە سەرچاوەكانی خۆی ببەستێ و بەرپرسیارێتی خۆی لە ئەستۆ بگری و بۆ ئەوەی ڕێبەر ئەم شێوازە ڕێبەرییە بە شێوەیەكی كاریگەرانە بەكار بهێنێت.

**بپێویستە ئەم هۆكارە كەسییانە بوونیان هەبێ:**

| | |
|---|---|
| تواناكانی قبولكردنی بێ مەرج | توانای ڕێبەرە بۆ قبووڵكردنی هەموو تاكێك بە یەكسانی، قبوڵكردنیش بەو مانایە نییە كە ڕێبەر لەگەڵ هەموو شتێكدا هاوڕابێت لەگەڵ ڕێنماییكراودا، بەڵكو حوكم دانانە سەبارەت بە سوودە پۆزەتیڤ و نەرێنییەكانی ڕێنماییكراو ناكات و ڕێز لە مافی ڕێنماییكراو دەگیرێت بۆ بڕیاردان لە بارەیەوە هەرچییەک بێت. |
| بەشداریكردنی سۆزداری یان ویژدانی | ڕێبەر لە توانایدایە بچێتە ناو واقیع و جیهانی ڕێنماییكراو و هەوڵ دەدات لەگەڵ ئەزموونەكانی بژی، لە ڕەچاوكردنی بوونی مەودایەك لە نێوانیان بۆ ئەوەی ڕێبەر لە دەرككردنەكانی ژیانی ڕاستەقینەی ڕێنماییكراوەكە نەخنكێت. |
| گونجان لەگەڵ خوودی خۆی | توانای ڕێبەرە بە شێوەیەكی ئاسایی و بەبێ شاردنەوە كۆنترۆڵی لایەنی پیشەیی بەبێ بەكارهێنانی وشەی شاراوە و نادیار بۆ ڕێنماییكراوەكە تاوەكو كەش و هەوایەكی پڕ لە ئارامی و ڕازی بوون و هاوڕێیەتی لەگەڵ ڕێنماییكراوەكە دروست بكات. |



special Education

**ب- تیۆری ڕێنمایی رفتاری:**

لێرەدا وادادەنرێ کە تاک فێری ڕەفتارێکی دیاریکراو دەبێت کاتێک کەسەکە شوێن هەندێک هەلومەرج دەکەوێت کە تاک بە پۆزەتیڤی دادەنێت و کاتێک ڕێبەر ئەم شێوازەی ڕێنماییانە پەیڕەو دەکات ڕاستەوخۆ کار دەکات و ئاراستە دەکرێت بۆ ئەوەی وردە وردە لە ئامانجێکی خۆشەویست نزیک ببێتەوە لە ڕێگەی گۆڕان لە بارودۆخی ژینگەیی کە ئەمەش ڕەفتار دەگۆڕێت.

**ج- ڕێنمایی عەقلانی یان سۆزداری:**

ئەم تیۆرییە لەسەر ئەو قەناعەتە بنیات نراوە کە باوەڕی ناعەقلانی لای خەڵک دەبێتە هۆی بیرۆکە و ڕەفتارکان لێوەی سەرچاوە دەگرێت و خوود لەناو دەبات، بۆیە ڕێبەر لێرەدا کار دەکات بۆ پرسیارکردن لەسەر ئەو گریمانەی کە ڕێنماییکراو بۆ خۆی دایرشتووە، بۆیە ڕێبەر لەگەڵ ڕێنماییکراوەکەی قسە دەکات بۆ ئەوەی یارمەتی بدات بۆ درک پێکردنی ناعەقلانییەت لە بیروباوەڕەکەیدا، یارمەتیبدات بۆ گۆڕینی ئەو بیروباوەڕانە لەگەڵ ئەوانی دیکەدا. ڕەنگە ڕێبەر هەوڵ بدات یارمەتی ڕێنماییکراو بدات هەندێک وشە بگۆڕێت، بەڵام پێش هەر گۆڕانکارییەکی بیروباوەڕ، پێویستە ڕێبەر پەیوەندی متمانەیەکی بەهێز لەگەڵ ڕێنماییکراوەکە دروست بکات، چونکە ئەگەر ئەم پەیوەندییە نەبێت، ئەوا هەوڵەکانی ڕێبەر دەبێتە شتێکی پەسەند نەکراو و بێزارکەر دەردەکەوێت.



special Education

سەرچاوەکان:

**١-مەلاتاهر، عبدالله شەوبو( 2017 )رینمایکردنی منداله خاوەن پێداویستیه تایبەتەکان، چاپخانەی تەفسیر ،هولیر.**

٢-البطاينة،أسامة محمد و الجراح،عبدالناصر ذياب و غوانمة،مأمون محمود(٢٠٠٧).علم النفس الطفل غير العادي. دار المسيرة للنشر والتوزيع والطباعة:عمان،الاردن.

٣- بيكمان، بايولا ج(2003) استراتيجيات العمل مع أسر ذوي الاحتياجات الخاصة، ترجمة، عبد العزيز السرطاوي، أيمن خشان، وائل أبو جودة:دار القلم – لطبعة الأولى.

special Education